سێ هاوڵاتی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن هێزەکی سەر بە تورکیا ڕفێنران

ئەمڕۆ پێنجشەممە 18ـی تەممووزی 2024، میدیاکانی ڕۆژئاوای کوردستان بڵاویانکردەوە، لە 12ـی ئەم مانگە دوو گەنج لە گوندی خەلالکا لەلایەن تورکیا ڕفێنراون و بەناو دوای وەرگرتنی بڕە پارەیەک لە خێزانەکانیان لەبەرامبەر ئازادکران و ئێوارەی دوێنێ دووبارە ڕفێندرانەوە، لەگەڵ ئەوشدا هاوڵاتییەکی تریش کە تەمەنی 40 ساڵە لەلایەن هێزەکانی سەر بە تورکیاوە ڕفێنراوەو تا ئێستا بە سەروشوێنە.

بەکوەڕەی ئەو زانیارییانەی میدیاکان باسی لێوەدەکەن، سەلاح ڕەشید کەربلوی تەمەن 20 ساڵە و مەحەممەد خەلیل حاج قەنبەری تەمەن 24 ساڵە لە گوندی خەلالکا لە ناوچەی بلبل لەسنووری عەفرین و مەحەممەد حەسەن سیدەی تەمەن 40 ساڵان لە شاری موباتای سەر بە کانتۆنی عەفرین لەلایەن تورکیاوە ڕفێنراون، تا ئێستاش هەواڵی نەفاندنیان نەزانراوە.